**ژماره :137**

**بەروار: 2023/6/4**

- **هەردوو سەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران پاڵپشتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەکەن .**
- **کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەڵمەتی ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران پەسەند دەکات.**
- **کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کفتوگۆ دەکات لە سەر نمونەکانی پەڕاوی دەنگدان .**
- **کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان گرنگی دەدات بە پەیوەندی کردن لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی .**
- **تیمی بەتواناکردنی ئافرەتان لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کاردەکات لە سەر پاڵ پشتی کردنی پرۆژەی نیشتیمانی .**

**ووتەی هەفتانە**

**سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وبەرێزان ئەندامانی لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دانشتنی حەف دەهەمیان ئەنجام دەدەن لە بەرواری 2023/6/1 ، بۆ گفتوگۆکردن وپەسەندکردنی لایەنەکانی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی تایبەت بە قۆناغی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کەوا لە لایەن فەرمانگای ڕاگەیاندن وپەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە ئامادەکراوە هەروەها ، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری دەنگدەران بۆ ئەوانەی پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام نەداوە لە ئەوانە لەدایکبووە نویەکان کەوا گەیشتونەتە تەمەنی یاسایی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان ، هەروەها هۆشیاریکردنەوەی دەنگدەران بە ڕێکارەکانی تۆماری بایۆمەتری ، ورێنمایەکانی ، بۆ مسۆگرکردنی مافە دەستوریەکانیان ، هەروەها گفتۆگۆی کرد لە سەر بیناکانی قوتابخانەکان کەوا وە ناوەندی تۆمارکردن کۆمیسۆن بەکاری دەهێنێت و تاچەندە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی تۆمارکردن وولێکۆڵینەوە بکرێت لە سەر ئەوەی ئەم بینایانە پێویستی هەیە بە ئەوانەی پێویستیان هەیە بە گواستنەوە یان گۆڕین بەشێوەیەك لە هەمان چوارچێوەی ناوچەکە ببێت وژینگەیەکی گونجاو وتەندرووست بێت بۆ کارکردن وپێشوازیکردن لە دەنگدەران .**

**لە لایەنێکی ترەوە ، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وبەرێزان ئەندامانی ئەنجومەن وسەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕوونکردنەوەی ووردی پێشکەش کرد دەربارەی ئامادەکاریەکانی کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنەکان لە دیداری لە گەڵ مەزن سەرۆك کۆماری عێراق بەرێز (** عبد اللطيف جمال رشيد**) هەروەها لە لایەنی خۆیەوە پاڵپشتی کۆمیسیۆن دەکات بۆ بۆ دابینکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ پاڵپشتی کردنی کۆمیسیۆن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ، هەروەها ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لە گەڵ لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، وگفتوگۆیان کرد لە سەر ئامادەکاریەکانی کۆمیسیۆن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ودانانی خشتەی کاتی هەڵبژاردنەکان وخشتەی پرۆسەکان ، وئامەژیان کرد بە گرنگی دستنیشانکردنی کاتی هەڵبژاردنەکان ، ودابینکردنی بودجەی دارایی پێویست بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەبەستراوە بە هەرێم لە کۆتایی ئە ساڵەدا .**

**لە بارەی ئامادەکاریەکانی کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ، ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وسەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ، کۆبۆنەوەیەکی نائاساییان ئەنجامدا بە ئامادەبوونی بەڕێوبەرگشتیەکان وژمارەیەك لە کارمەندەکان بۆ گفتوگۆکردنی چەند نموونەیەك لە**

پەراوەکانی دەنگدان وگفتوگۆکردن لە سەر شێوە و ناوەرۆکی پەڕاوی دەنگدان بۆ دەنگدانی گشتی وتایبەت بە شێوەیەك بگونجێت لە گەڵ ژمارەی کاندیدەکانی تاك وحزبە سیاسیەکان وهەڵبژاردنی ئەو پەڕاوەی گونجاو دەبێت بە پێی پێوەری گونجاو بۆ کارکردن لە سەر ئامێرەکانی ژماردن وجیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی کەوا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی نەبەستراوە بە هەرێم داهاتوو بەکاردەهێنرێت ، بە شێوەیەك بگونجێت بۆ بەشداری کردنی هەموو دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکان .

هەروەها کارمەندەکانی کۆمیسیۆن وکارمەندەکانی پارێزگاکان لە ناوەندەکانی تۆمارکردن وتیمی گەرۆك بە بێ وچان کاردەکەن بۆ ئامادەکاریەکانی قۆناغی داهاتوو لە رێگای رێکەوتنی کار لە گەڵ دەزگا حکومیەکانی فەرمی وفەرمانگاکان بۆ هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران بۆ گرنگی بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی لە رێگای هاندانیان بۆ ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی بایۆمەتری هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو دەنگدەرانەی کەوا پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام داوە ، وئەرکەکانیان گەیشت بە ئەنجامدانی تۆمارکردنی تۆمارکراوەن (915.591) دەنگدەر لە ئەوانە لەدایکبووی**2004** ، کەوا رێژەیان گەیشتوەتە (193.910) هەروەها لەدایکبووانی **2005** گەیشتوە بە

(97.406 ) هەروەها کارتە دابەشکراوەکان گەیشتوەتە (1.197.688) و کارت رێژی کارتی دەنگدانی گشتی گەیشتوەتە (510.466) ودەنگدانی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان وهێزی چەکدار گەیشتوەتە (635.181 ) کارت هەروەها ئاوەرەکان گەیشتوەتە (52.041) کارت بە ئامادەبوونی بریکاری حزبە سیاسیەکان وچاودێرەکان خۆماڵی ، هەروەها بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە لایەنی هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەری فەرمی کۆمیسیۆن بکەن بۆ زانینی راپۆرتی هەفتانەی پرۆسەکان https://ihec.iq/biometric-registration/

لە باریەکی ترەوە ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران دکتۆرە (احلام الجابری) ئاراستەی کرد بۆ تیمی بتواناکردنی ئافرەتان بە ئەوەی هاوکاری پرۆژەی نیشتیمانی بکەن بۆ وزە وکەمکردنەوەی هێنراوی وزەی خراپ بۆ ژینگە ، هەروەها کاردەکات لە تیمە بڵاوکراوەکە لە هەموو ئۆفیسی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەك لە دانشتنی وکۆبوونەوە بۆ ئافرەتان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ پاراستنی ژینگە ورۆشنبیرکردنیان ، هەروەها ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە هاوکاری وەزارەتی ژینگە لە کۆمیسیۆن دانشتنێکیان ئەنجامدا بۆ ناسینی لایەنەکانی پرۆژەی نیشتیمانی بۆ وەستانی کاریگەرە نەرێنیەکانی هاوردەی هەوای خراپ بۆ ژینگە ودۆزینەوەی رێگا بۆ گەشەکردنی بەردەوام بە بەکارهێنانی باشترین هاوردەی وزە .

هەروەها بۆ بەتواناکردنی چالاکیەکانی کارمەندەکانی کۆمیسیۆن ، کۆمیسیۆن لە لایەن بەشی راهێنان وگەشەکردن بە هاوکاری دەستەی دەست پاکی ، وەرك شۆپێکی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی یاریدەدەری بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەان بەرێز (علی صالح جعفر) دەربارەی دەرکردنی بەڵگە فەرمیەکان بۆ پاراستنی داتاکانی کاری بەرپرسی هۆبەکان لە ئۆفیسی نیشتیمانی کۆمیسیۆن .

هەروەها لە بەر گرنگی دانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بەردەوامبوون لە پەیوەندیکردن لە گەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەربارەی هەڵبژاردنەکان ، کۆمیسیۆن رێکەوتنی کاری کرد لە گەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بۆ ئەنجامدانی وەرکشۆپی راهێنان بۆ زیاترکردنەوەی رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکان ودرووستکردنی ژینگەی بەکارای بەردەوام لە نێوان هاوبەشەکانی پرۆژەی هەڵبژاردنەکان ، چونکە هاوبەشەکانی پرۆژەی هەڵبژاردنەکان زۆرگرنگن بۆ پاڵپشتیکردنی شفافیەتی وبێ گردی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .

ووتەبێژی ڕاگەیاندن